# رووخانی میر نشینی سۆران
# لەنێوان بڕیاری میر محمدو فتوای مەلای خەتێ دا

مەلا عبدالمجید فەقیانی

هەڵبەتە مێژوو زانستێکی گەورەو بە کەڵکە بەڵکو زانستی زانستەکانە هیچ زانیارێکی گرنگ نییە مێژووی تایبەتی خۆی نەبێت. یەکێك لە قۆناغە گرنگەکانی مێژووی کوردیش چاخی میرو و میرنشینە کوردەکانە لەهەموویان گرنگتر میرنشینی سۆرانە کە لەسەدەی دوانزە یان پانزەی زایینی دەرکەوتون دامەزرێنەری میرنشینی سۆران. کەسێك بووە بەناوی (عیسای کۆلۆس) دوایین کەسیش لەو میرنشینەدا (میر محەمەد مستەفا بەگ) بووە بە کە ناسراوە بە (پاشای گەورە یان کۆرە) کە لەساڵی (١٨١٣ز) کرا بە میری سۆران هەر کە دەسەڵاتی گرتە دەست گۆڕانکاری زۆری کرد هەنگاوی خێرای دەنا ترسی لەئەنجامو پاشەڕۆژی نەبوو چی بیویستبایە دەیکرد بەرێوەبەرانی ناو رواندزی گۆڕی، هەموو دەرەبەگو سەرۆك هۆزو خێڵەکانی کۆکردەوەو یەکی خستن، پەیکەری نوێی لەسەر دامەزراندن، سەربازەکانی کۆکردەوە جارێکی تر رێکی خستەوە،



یەکەم لێدانی لەمامەکانی بوو لەساڵی (١٨١٥)ز هەودیانی گرت (تەمەرخانی)مامی کوشت.

پاشان رووی کردە (یەحیا بەگ)ی مامی ئەویشی کوشت، (میرزا محەمەدی)ی کردە سەرۆکی نووسەرانو قەڵاو سەنگەری بەهێزی بەدەوری رواندز لێدا، (رەسول بەگ)ی برای کردە سەرپەرشتی گشتی جەنگو (ئەحمەد بەگ)ی برای کردە فەرمانڕەوای سوپاو (وەستا رەجەب)ی کردە بەڕێوەبەری تۆپو جبەخانەو (وەستا برایمی ماویلی) کردە سەرۆکی وەستاکانی دروست کردنی قەڵاو

شورەو سەنگەرو ریگاوبان، (مستەفا ئاغا) سەرۆکی بازرگانان بوو دەستەیەکی شەش ئەندامی دەستەی سەردارانی دامەزراند خۆی سەرۆکی بوو، کۆبوونەوەی هەفتانەی هەبوو لەگرفتی خەڵکی دەکۆلیەوە (ئەنجومەنی زانایان)و (ئەنجومەنی حەکیمان)ی دامەزراند بۆ دارشتنەوەی یاسا.

ئەم کارانەی بوونە جێی سەرنجی شارەزایانی ئەورووپیو عوسمانیو ئێرانی چاویان تێبری بوو حەوت جۆرە (سکەو پارەی) بەناوی خۆیەوە لێدەدا وە لەوتاری هەینی وەك سەرۆکێکی سەربەخۆ ناودەبرا.

سوپایەکی مۆدێرن وە پڕ چەکی هەبوو لەهێزی میرنشینێك نەدەچوو وەك بڵێی نیازی گەورەتری پێ هەبێ... تەنها هێزی تایبەتی پاراستنی خۆی (٣) سێ هەزار چەکدار بوو جگە لە سوپایەکی (٥٠) پەنجا هەزار کەسی.

پەلاماری دێی برادۆستی داو خەڵکێکی زۆری کوشت (قەڵای ئەلۆس)ی گرت پاشان (مەرگەوەڕو شنۆی) گرتن دراوسێکانی ترسان، بەجۆرێك هەریرو خۆشناوەتی بەبێ شەر خۆیاندا بەدەستەوە پاشان ناوچەی (زێبار)و (هەولێری) گرت هەروا دەشتەکانی (ئاڵتون کۆپری) دەست بەسەردا گرت پەلاماری هۆزەکانی (جەباری)و (تائی)داو شێخەکەیانی گرت، ئیتر بەو سەرکەوتنە یەك بەدوای یەکانەی زیاتر لەخۆبایی بوو چاوی لەفراوانی زیاتر بوو بەتایبەتی میرنشینی دەوڵەمەندی (بۆتان، بادینان، هەکاری، یەزیدیان) کە هەر چواریان میرو میرنشینی کورد بوون، ئەو لەجیاتی ئەوەی بیان هێنێتە ناو هاوپەیمانیەکەی خۆی دژی عوسمانیەکان بەکاریان بێنێت کەچی دەیویست بەهەر

شێوازێك بێت دەبێ بیان گاتێ وە بیان روخێنێ بەم شێوەیە سنووری حوکمو دەسەڵاتی خۆی فراوان کرد، تا لە رۆژهەڵاتەوە گەیشتە کۆیەو رانیە، لەباکوورەوە گەیشتە ئامێدیو زاخۆو هەموو بادینانی گرتەوە، لەرۆژئاواوە تا دەوروبەری موصلو سنجار چوو.

هەروەها لەسەرەتای تشرینی یەکەمی (١٨٣٥ز) پەلاماری ناوچەی (ورمێ)و (١٠)دە گوندی (سۆلدز)ی ئێرانی داو بەمەش دوژمنێکی تری بۆ خۆی زیاد کرد ئیتر ئەم پەلهاویشتنەی بەهەر چوار لادا ترسی لەدڵی عوسمانییەکانو تەنانەت دەوڵەتە زلهێزەکانیش دروست کرد هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لەتەموزی (١٨٣٦ز) عوسمانییەکان بەیارمەتی روسیاو ئێرانو هەرێمی بەغداو موسڵو بەنەخشەی بەریتانیا بەیارمەتی سەدان چەکداری کوردی سۆران کە لەدەستی میر محەمەد هەڵهاتبوون لەگەڵ سوپای عوسمانی گەڕابونەوە لەگەڵ چەکداری چەند میرنشینێکی کوردی تردا بەنەخشەی سەربازی پسپۆڕانی بەریتانیا لەهەموو لایەکەوە هێرشیان هێنایە سەر میرنشینە هێزەکانی (پاشای گەورە) لەهەموو لایەکەوە پاشەکشەیان کرد تەنانەت خەلیفانو سۆرانو هەودیان چواردەوری رواندز کەوتە دەست هێزەکانی رەشید پاشاو عەلی رەزاو هێزەکانی ئێرانی بەسەرۆکایەتی میر (نیزام) بەم شێوەیە ئابلۆقەیەکی توندی رواندزیان داو هەموو رێگاکانی یارمەتیو ئازوقەو چەکی لێگیران.

ئینجا میر(محەمەد) ئەم هەموو نەخشەو هاوکێشە لێکدراوانەی بیست ئەو هیچ پێشینەیەکی بۆ رۆژێکی وا دانەنابوو. رەنگە تا ئەو کاتە نەیزانی بێت چی چاندووە چی دەدورێتەوە...؟

لێرەدا (پاشای گەورە) بۆی روون بووەوە کە ئەگەر شەڕ بکات سۆران بە میرو گەداوە تیا دەچێت بۆیە بەناچاری دەرگای گفتوگۆی لەگەڵ سوپای عوسمانی کردەوە لەم کاتەش نامەیەکی لە(رەشید پاشا) بۆ هات کە تیایا هاتبوو: من وا دەبینم شەڕ نەکەی ئەگینا تووشی زەرەرو زیانی زۆر ئەبی بەڵێنت پێ ئەدەم ئەگەر خۆ بەدەستەوە بدەی وا ئەکەم بابی عالی (ئەستەمبوڵ) بت بووریو عەفوت بکاو بشت کاتەوە بە میری سۆرانو بە خەڵاتو نیشانەی میری سۆرانەوە بگەڕێیەوە سۆران.

(میر محەمەد)یش لەبەر ئەوەی چاری تری نەبوو تەنانەت رێگەی هەڵاتنیشی لێ گیرابوو بۆیە ئەم نامەیەی (رەشید پاشای)



پەسەند کرد ئینجا (ئەحمەد بەگی) برای کردە جێنشینی خۆی بۆ خۆشی لەگەڵ (مەلا محەمەد ئەفەندی) چوونە (هاودیان) لەگەڵ (رەشید پاشا) زۆر رێزی لێنان بەڵێنی پێدان کە (سوڵتان مەحمود) هیچی لێنەکات، دواتر ناردیە (ئەستەمبوڵ) سوڵتان (مەحمود) عەفوی کردو گەڕایەوە بۆ سۆران...

بەڵام لە بەدبەختی کورد لەو کاتەوە (رەشید پاشا) بە مردنێکی کتوپڕ مرد (عەلی رەزا) کە والی بەغدا بوو دەستبەجێ بۆ سولتانی نوێ ئەگەر (محەمەد پاشا) بگەڕێتەوە سۆران بارودۆخ تێك دەچێ لەسەر ئەوە سوڵتان یەکسەر تەتەرێکی نارد لەگەڵ فەرمانی کوشتنی (محەمەد پاشا) ئیتر لە سیواس لەلایەن والی سیواسەوە لەسێدارە درا...

ئیتر بەهۆی ئەم سیاسەتە توندوتیژەو رووداوەکانو فاکتەرە ناوخۆیو دەرەکییەکان میرنشینی پاشای گەورە هەرەسی هێنا، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەنووسەرانو مێژوونووسان بێئاگا لەڕووداوو فاکتەرەکانی سەردەمەکە هەموو هۆیەکانی رووخانی ئەو میرنشینەیان وەلا ناوەو تاکە هۆیەك کە زەقی بکەنەوەو هاشووهۆشی پێوە بکەنو بووبێتە بنیشتە خۆشەی سەرزاریان رۆڵی (مەلای خەتێیە) کە گوایە بەفتوای ئەو

مەلایە ئەو میرنشینە بەهێزە فەوتاوە. دراوەتە دەست دەوڵەتی عوسمانی. زۆر سەیرە نووسەرانی مێژووی کورد ئەو هەموو نەخشەو هێزوو تۆپو جبەخانەی لەبیر بکەنو تاوانەکە بدەنە پاڵ (مەلای خەتێ) کە تا ئەوکات هیچ دەسەڵاتێکی لەو میرنشینەدا نەبووە دیارە تاوانبار کردنی (مەلای خەتێ) لەو مەسەلەیەدا بەنیازو مەبەستی ناشیرن کردنی مەلاو ئیسلامە ئەگەرنا هۆکاری رووخانی میرنشینی سۆران دیارو رۆنن نەك بەفتوای مەلایەکی وەك (مەلای خەتێ) ئەگەر گریمان مەلا فتواشی دابێ، ئەوە لەسەر داوای (پاشای گەورە) بووە بۆ بەرژەوەندی گشتی تا خەڵك لەناوچوون بپارێزی، چونکە ئەگەر شەڕیان کردبا رواندز بە میرو سوپاو خەڵکەکەوە هەموویان تیا ئەچوون ئەگەر بەفرمانی میر نەبوایە (مەلای خەتێ) چۆن توانی فتوای وەها بدات لەبن لووتی میریش دانیشێو میریش هیچی پێ نەڵێ باشە میر ئەو میرە بوو مامەکانی خۆی کوشت ئەی چۆن ئەو مەلایەی نەکوشت کە حکومەتی لێ بڕووخێنێ پاشان ئەگەر مەلا ئەو شەڕەی بە حەرام زانی بێت کە گوایە شەڕی موسڵمانانە ئەدی بۆ هەتا پاشا لەساڵی (١٨٢٦ز) تا (١٨٣٤ز) لەداگیرکردنی دەڤەرو ناوچە کوردیەکاندا

بوو تەنانەت گەیشتە (ماردین) لەدیوی تورکیا بەڵام مەلا لێی حەرام نەکردن، ئەدی دەبێ لەرووخانی میرنشینی (بابانو بۆتانو بادینانو شەمزینان) چ مەلایەك فتوای دابێ پاشان ئەگەر ئەم فتوایە راستە بۆ تائێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوو بەڵگەنامەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی ولاتانی ئێرانو بەریتانیا ئەم فتوایە نەدۆزرایەوە.

خۆ ئێستا هەموو بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کراونەتە کتێبو لە بازاڕدا هەن، تەنها لەهەندێ سەرچاوەی کوردی بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەك باس لەم فتوایە دەکەن کە پێش ئەوان کەس باسی نەکردووە.

کەواتە ئەم باسە دروست کراوە بۆ نیازو مەبەستی تایبەتی کە ئەویش ناشیرن کردنی سیمای مەلاو تاوانبار کردنی ئیسلامەو بوختانێکە ئەی دەنە پاڵ (مەلای خەتێ). هیچ راستییەکی تێدا نییە، چونکە (میر محەمەد) لەبڕیاری سیاسیو ئیداریو سەربازی دا تەنها پشتی بەعەقلیەتی عەسکەرتاریەتی خۆی بەستیوە، هەرگیز پرسی بە مەلاو تەنانەت مامەکانو براکانو سەرکردەکانیش نەکردووە... هەتا لەبریارێکی وا چارەنووس ساز گوی بۆ مەلای خەتێ شل بکات.

# نەورۆز تایبەتە بە چ نەتەوەیەك؟ راستی روداوی نەورۆز لەکوێوە هاتووە؟

مەلا عەلی عبدالله یارمجەیی

هەموو گەلو نەتەوەیەکی زیندووی رووی ئەم سەر زەمینە خاوەنی ئەفسانەو داستانی خۆیەتی. ئەمانەش هەندێك لەشێوەی شیعر یان چیرۆك دارێژراوە، باسی رووداوێکی ئاینی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی دەکات، وەهەندێك چیرۆكو رووداو دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر دورو کۆن، وە لەوانەیە بەر لەهەزاران ساڵ پێش ئێستا رووی دابێت، بەهۆی دەماو دەم یان نەبوونی نوسینو خوێندەواری کەمو زیادی تێدا کراوە، یان هەندێکی بەهۆی مردنی کەسەکە ون بووە بۆ نموونە وەکو: (شیرینو فەرهاد)، (لەیلو مەجنون)، (مەمو زین)، (کاوەو زوحاك)، (رووداوی نەورۆز) وەیەکێك لەوانەی کەوا دوو رووداو یان دوو چیرۆك تێکەڵ بەیەکدی کرابن روداوی کاوەو نەورۆزە، وەك هەندێك کەس واتێگەیشتوون، کەوا بۆنەی نەورۆز لەشۆرشی کاوە راهاتوە، ئەمەش لەراستی دورە بە گێرەی ئەم بەڵگانەی خوارەوە کە بۆ خوێنەری بەڕێز روونی دەکەینەوە، تەنها ئەوەندە هەیە کە شۆڕشەکەی کاوە رێکەوت بووە لەگەڵ بۆنەی نەورۆز.

١- پەرتووکە ئاسمانییەکان هەموویان باسی رووداوی نەورۆزیان کردیە وەك ئاوێستای زەردەشت، تەورات، ئینجیل، قورئان، وە نەورۆز لەئاسەوارەکانی خەنیقی بابلی، فیرعەونی، سۆمەری، ئەکەدی، داهاتوو باسی لێوە کراوە.

٢- حەزرەتی (ئیبراهیم) رۆژی نەورۆزی هەڵبژارد بۆ دەرفەتو شکاندنی بتەکان، چونکە خەڵکی شار لەو رۆژە هەموو دەردەچوون لەشار بۆ ئاهنگی نەورۆز، هەروەك خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بۆمان باس دەکات حەزرەتی ئیبراهیم فەرموی (وَتَاللَّهِ لَأَكِيدَنَّ أَصْنَامَكُمْ بَعْدَ أَنْ تُوَلُّوا مُدْبِرِينَ) الانبیاء ٥٧ حەزرەتی ئیبراهیم گوتی سوێند بەخودا پاش ئەوەی ئێوە لەشار دەچنە دەردەبێت بتەکانتان وردو خاش بکەم. یان دەڵێت (فَقَالَ إِنِّي سَقِيمٌ) الصافات ٨٩ زانایان دەڵێن ئەو رۆژەی گوتی من نەخۆشم ناتوانم لەگەڵ ئێوە بێم ئەم رۆژە رۆژی نەورۆز بووە.

٣- حەزرەتی (موسی) سەلامی خودای لێبێت رۆژی نەورۆزی بەهەڵ زانی بۆ ئەوەی لەم رۆژەدا لەبەرچاوی خەڵك بەرەنگاری (ساحیرەکان)ی فیرعەون ببێتەوە. وەك خودای گەورە لەقورئان ئەو باسە دەگێڕێتەوە بۆمانو دەڵێت فیرعەون گوتی (فَاجْعَلْ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ مَوْعِدًا لَا نُخْلِفُهُ نَحْنُ وَلَا أَنْتَ مَكَانًا سُوًى * قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَنْ يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى) (تەها ٥٨-٥٩) فیرعەون گوتی: رۆژێك دیاری بکە بۆ ئەوەی بزانین (سیحری) تۆ سەر دەکەوێت یان جادووگەرانی ئێمە بۆیە حەزرەتی موسی فەرمووی بەڵێنمان رۆژی نەورۆز بێت بۆ ئەم مەبەستە زانایان دەڵێن (یوم الزینة) رۆژی بۆنەی نەورۆز بووە.

٤- روی اصحاب السنن عن انس قال قدّم النبیّ (صلّی الله علیه وسلّم) ألمدینة ولهم یومان یلعبون فیهما فقال ما هذان الیومان قال نلعب فیهما فی الجالیة فقال رسول الله (صلّی الله علیه وسلّم ) إن الله قد أبدلکم بهما خیرا منهما یوم الأضحی ویوم الفطر) التاج جامع للاصول ج١ ص٢٠٦، لە دەربارەی ئەم فەرموودە دەڵێت ئەم دوو رۆژەی کە پێغەمبەری خودا درودی خودای لەسەر بێت گۆڕی بەرۆژی جەژنی رەمەزانو جەژنی قوربان، یەکەمیان رۆژی نەورۆز بووە کە یەکەم رۆژی ساڵی هەتاویە دیارە پێش هاتنی ئاینی ئیسلام ئەم بۆنە یاد کرایەتەوە لەناو عەرەبەکان.



٥- رووداوی نەورۆز دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە (٧) هەزار ساڵ بەر لەئێستا بۆ ئەو رۆژەی کەوا باوکی دووەمی مرۆڤایەتی پێی ناوەتە سەر زەوی، کەوا خودای گەورە بۆمان باس دەکاتو دەفەرموێت: (وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ) المؤمنون ٢٩، وەهەروەها دەفەرموێت: (وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ) هود ٤٤، ئەو رۆژەی حەزرەتی (نوح)و ئەوانەی لەگەڵی بوون کەوا لەکەشتیەکە دابەزین بۆ وان رۆژێکی نووبوو خاکی نووبوو شوێنێکی نووبوو وڵاتێکی نووبوو پاشان ماوەکی زۆر بوو لەناو کەشتی بوون سەرمایان ببوو کە داش بەزین هەموو دونیاش تەڕبوو بۆیە زۆریان سەرمابوو ئاگریان کردەوەو گوتیان (نەورۆز) یانی ئەم رۆژە رۆژێکی نووە پاشان ئەو بۆنە بووە رۆژی نەورۆز. هەروەها ناوی ئەو پاشایەی کەوا حەزرەتی (ئیبراهیم)ی هاوێشتە ناو ئاگرەکە نەورۆز بووە پاشان لەسەر زاران بوویتە (نەمروژ) پاشان بەهۆی دەماو دەم نوختەی (ژالەکە) لابراوە بویتە (نەمرود).

٦- بۆیە لەکۆتایدا دەڵێم رووداوی نەورۆز پەیوەندی بەرووداوی شۆرشی کاوەوە نییە شۆرشی کاوە تەنها ئەوەیە لەم بۆنە شۆڕشە کە هەر گیرسا، یادی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ رووداوی (تۆفان)ی حەزرەتی (نوح) کە باوکی دووەمی مرۆڤایەتی لەخاکی کوردستان دابەزی مێژووی سەری ساڵی کوردیەکی نەورۆزە وەکو مێژووی سەری ساڵی کۆچی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت وایە یان وەك مێژووی سەری ساڵی لەدایك بوونی (عیسی) نەورۆز هی هەموو گەلانە، بەڵام بۆ کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە ئاوەدانی سەر زەوی لەخاکی کوردستان بۆ جاری دووەم لەنیشتیمانی کوردستان بووە، وەخاکی کوردستانیش خاکی پیرۆزە هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: (وَقُلْ رَبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ) المؤمنون ٢٩ ئاگری نەورۆز بۆ کوردە، رەمزی سەر کەوتنە، رەمزی نەمانی ستەمو زۆرداریە، رەمزی ئاوەدانیە، رەمزی ئاگرپەرستی نییە، وەك هەندێ کەس بەهەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکەن.

# تاوانی دڵ پیسی

**حەمید ئەحمەد قەڵادزەیی**



دڵ پیسی یەکێکە لەو تاوانانەی, کە ئینسان بەهۆیەوە تووشی غەزەبی خوداو دۆزەخ دەبێ وە شیرازەی ژیانیشی لەنێو خێزانو کۆمەڵ تێك دەدا وە لەناو هەر خێزانێکیش دڵ پیسی هەبوو ئەوە ژیانیان تاریك دادێو دەبێ بە شەوەزەنگو نائومێدیو بێ متمانەیی.

کەواتە دڵ پیسی حاڵەتێکی دەروونییەو لە بێ متمانەیی پەیدا دەبێو وە لەو کەسانەشدا دەردەکەوێ, کە گرێیەکی دەروونییان لەنێو دڵدا هەیە کە پڕە لە ڕقو کینەو چارەسەریشی زۆر زەحمەتە بەتایبەت لەناو دڵی ئەو کەسانەی کە نەخوێندەوارن.

بەڵام زۆربەی زۆری کەسە خوێندەوارەکان بەگەشبینی دەڕواننە ژیان ئەوان ئەگەر چرای ژیان کزیش کەن نای کوژێننەوە, خۆشەویستان لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆ زۆرجار خێزان بەهۆی دڵپیسی بەرەو هەڵدێرو هەڵوەشاندنەوە دەچێ.

دڵپیسیش لەناو ژیانی ژنو مێردا کارەساتێکی زۆر گەورەیە چونکە ئەوان هاوبەشی ژیانی یەکترن, ئەمەش لەدڵی ئەو کەسانەدایە, کە بەشێوەیەکی تەسكو کورت بیردەکەنەوە ئاستی دینداریو ڕۆشنبیریو بیرکردنەوەیان لەگەورەیی گوناهی ئەم تاوانە گەورەیە لەئاستێکی زۆر نزم دایە.

دڵپیسی گومانێکە لەنێو ناخی ئەو ئینسانانە دەڕوێو چەکەرە دەکا, کە وای لێدەکات هەمیشە ئەو ئینسانە لەناو خەیاڵێك یان واقیعێکی بێ بنەماو بێ متمانەیدا بژیەت, کەواتە پێویستە ئینسان بەدوای ڕاستیدا بگەڕێتو واز لە هەموو خەیاڵو گومانێکی خراپ بێنێ.

خوای گەورەش لەقوڕئاندا دەفەرمووێ: (إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ), واتە زۆر خۆتان لەگومانی خراپ لە دڵپیسی بردن بە یەکتر بەدوور بگرن چونکە هەندێك لەو گومانە خراپانە مایەی گوناهو تاوانە.

بەخۆڕایش نییە کە دەڵێن دڵپیسی ژیانی ژنو مێرد تێکدەداتو هەڵی دەوەشێنێتەوەو خۆشەویستی ناهێڵێو ژیانیش دەکات بە دۆزەخ, کە ئەمەش جۆرێکە لەتوندوتیژی خێزانی, چونکە دڵپیسیو دەروون نەخۆشیو گومان خراپی هاوسەرانو براو باوك هۆکاری سەرەکین بۆ ڕوودانی زۆربەی ڕووداوە ناخۆشو کارەساتە گەورەکان.

چەندان ئافرەت لەداخی دڵپیسی براو باوكو مێردی مردنی هەڵبژاردووە جا بە خۆسوتاندنبێ یان خنکاندن, زۆرجار لەسەر شتی بەسیت کە بەهۆی دڵپیسییەوە دروست بووە ژیانی کچێك یان ژنێك لەنێو چووە, پیاوی دڵپیس گیاکەڵەی کۆمەڵایەتییەو سەرەتانی گیانو ژیانی ئافرەتیشە.

زۆرجاریش کەسانی دڵپیس خۆیان ڕابردوویەکی چاکیان نییە یان ڕووداوی خراپو نابەجێی زۆریان بینیوە بۆیە لەژیانی هاوسەرگیریاندا گومانی خراپیان بۆ دروست دەبێ ئەمەش وادەکات کەسەکە دڵپیس دەربچێ.

ئەمەش لەنێو زۆرێك لە پیاوانی کوردەواریدا پەنگی خواردۆتەوەو ژیانی خێزانیان لێڵو ناشیرینو تاریك کردووە, یان دڵپیسەکان ژیانی چەندان کچو ژنانیان لەو زیندانە بێ بەزەییانەی کە کەس نازانێ کەی ئازاد دەکرێن دیلو بەند کردووە.

گەر سەیری دیاردەکانی خۆکوشتنو سوتاندنی زۆربەی ئافرەتەکان بکەین بەشی هەرەزۆری هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دڵپیسی پیاوانو هەڵسوکەوتی توندو تیژیان لەبەرانبەریاندا, دڵپیسی بۆخۆی نەخۆشیو دەردێکی کوشندەیە هەرچی شتە جوانەکانی ڕۆحو ناخی مرۆڤە لەناویان دەباو دەیان کوژێت.

ئەم دیاردەیە هەستێکی بێزارکەر دروست دەکات جا ئەگەر پیاو یان ژن هەیبوو ئەمش دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئارامیو ئاسوودەیی لەلایەن کەسی بەرامبەر, خودی دڵپیسەکەش بەشێوەیەکی ناخۆش ژیان بەسەر دەبات.

پێشم وایە لەئەنجامی دڵپیسی خیانەتی هاوسەرگیریش دروست دەبێ بۆیە بۆ ئەوەی لەخیانەتی هاوسەرگیری بەدووربینو پارێزراوبین با لەنەخۆشی دڵپیسی بەدووربین, دڵپیسی جۆری زۆرە جاری وا هەیە داكو باو هەیەتی بەرامبەر بە کچەکەی یان برا لە خوشکەکەی یان پیاو لەخێزانەکەی یان بەپێچەوانەوە.

دڵپیسی لەڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا وەکو ڤایرۆسێکی کوشندە لەناو بەشێك لەهاوسەران بەدی دەکرێو هەریەکەیان بەجۆرێکیشە, خۆشەویستان خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵە هەر کێشەیەك لەناو خێزان بەدی بکرێ ئەوە پروشك دەهاوێو سەردەکێشێ بۆ کۆمەڵگاش.

زۆر لە هاوسەران ڕادەی دڵپیسیان دەگاتە ئاستێك هیچ خۆشەویستیو متمانەیەك لەنێوانیاندا نامێنێ, پیاوی دڵپیسی وا هەیە, کە چۆتەدەر لەماڵ دەرگای لەسەر ژنەکەی داخستووە تاخۆی نەهاتۆتەوە نەیتوانیوە دەرگاکە لەخۆی بکاتەوە.

بۆ ئەوەی هاوسەران بە ئارامیو ئاسوودەیی بژین دەبێ بەرامبەر یەك دڵپاكو ڕاستگۆبنو گومانی باش بەیەك بەرن تا خوای گەورەش خۆشیو شادی بخاتە بەینیانەوەو بەرەکەتیش ببارێنێ بەسەریانداو لەناخۆشیو ئاژاوەو دووبەرەکی دووربنو ژیانێکی باشیان پێ ببەخشێ.

دڵپیسی دەردێکە هەر لەکۆنەوە بۆ ئێستاو بۆ داهاتووش هەربووەو هەر دەشبێ, کەسی دڵپیس ناتوانێ وا بەئاسان واز لەو کردارەی بێنێ چونکە خوی پێوە دەگرێ, بەزۆریش ئەم کردارە لەنێوان دوو خۆشەویست ڕوودەدات وەکو نێوان هاوسەران.

چونکە ئینسان قەت ئامادە نییە دڵپیسی لەکەسێك بکات خۆشی نەوێت یان ڕقی لێیەتی, بۆیە باشترین چارەسەر بۆ نەمانی ئەو دەردە لەبەینی خۆشەویستان هەتا لەبەینی هەنوو کەسێك تەنها ڕاستگۆییە, (النجات فی الصدق).

لەڕووی شەرعیشەوە شتێکی هەڵەو نابەجێیە پیاو هەموو هەڵسوکەوتێکی ئافرەت بەخراپە شی بکەنەوەو لێکی بدەنەوە ئەمە وادەکات ئافرەتەکان هەمیشە دڵو دەرونیان لە ترسو دڵەراوکێ دابنو دڵو دەروونیان نا ئارام بێت.

خۆشەویستان با هەموو لایەك وریابین بە ئاگابین, کە زۆرجار دڵپیسی لەسنوور دەرچووەو ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە, ئینسانی دڵپیسیس لە هیچ شتێك دڵنیا نییەو هیچ کاتێکیش دڵو دەروونی ئاسوودە نییە.

هەرچەند هەفتەیەك پێش ئێستا پیاوێکی دڵپیس, کە چەند مانگێك بوو ژیانی هاوسەریەتیان لەگەڵ خێزانی پێکەوە نابوو خێزانەکەشی ئافرەتێکی دیندارو خواناسو داپۆشراو مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتیش بوو تەنها لەسەر ئەوەی نوکەیەکی نەناسراوی بۆ هاتووە دڵی لێ پیس کردووەو هەرچەند ئافرەتەکە هەزار سوێندو قوڕئان دەخوا, کە هەر وەڵامی ئەو نوکە نەناسراوەشی نەداوەتەوە.

بەڵام هاوسەرەکەی هەر بڕوای پێ نەکردووەو بە خیانەتێکی گەورەش بۆی حیساب کردووەو لەئەنجامدا ئەم دڵپیسیە لەسنوور دەوچووەو بەلێك جیابوونەوەو بەتەلاق کۆتایی پێ هاتووە.

کەواتە دڵپیسی نەخۆشیەکی دەروونییەو ئەو کەسانەش کە گیرۆدەی بوونە بە دڵو دەروونەوە هیلاکن, هەروەك چۆن ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی کێشەو گیروگرفتی خێزانی بەهەمان شێوەش دەبێتە سەرچاوەی توندوتیژی خێزانیش, کە خێزان بەرەو ڕووخان دەبات.

ئەم دڵپیسیە گەر تەنها یەك ئەندامی خێزانیش بگرێتەوە ئەوە ژیانی هەموو خێزانەکە تێك دەدا, کە کەسی دڵپیسیش هەمیشە هەر لایەنی خراپەکاری دەگرێتە بەر, بیر لەشتە باشەکان ناکاتەوە.

بەڕاستی کەسێك کەسێکی خۆش بوێ بەمانا ڕاستەقینەکەی قەت دڵی لێ پیس ناکاو بەدڵێکی پاکەوە هەڵسوکەوت دەکات، هەتا لەسەردەمی پێغەمبەریشدا یەکێك هاتە لای و هەواڵی دڵ پیسی خۆی بەرامبەر بەخێزانەکەی پێ ڕاگەیاند، کە منداڵێکی ڕەش پێستیان پەیدا بووە، لەوەڵامدا پێی فەرموو: ئیشی جەنابت چییە؟ کابرا گوتی: شوانی وشترانم، فەرموی: وشترەکان ڕەنگیان چۆنە؟ گوتی: بەزۆری سوورن، فەرموی: ئایا هیچ بێچویان نەبووە، کە ڕەنگیان سوور نەبێ، گوتی: بەڵێ، فەرموی بۆ وایە؟ گوتی: دەگونجێ وەکو داپیرەو باپیرەی خۆیان بن، فەرموی ئەمەش هەر وایە، کابرا قەناعەتی بۆ دروست بوو، گومانەکەی ڕەویەوە.

بۆیە ئومێد دەکەم خوای گەورە دڵەکانی ئێمەش بەرەو باشە بەرێتو لەسەر پاکیەوە دڵەکانمان ڕووناك بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە ئاسوودە بینو لانەی خێزانو خۆشەویستیمان لێك نەترازێو کەلێن نەکەوێتە ناومانەوە.

تێبینی: بۆ نووسینی ئەو بابەتە سوود لە چەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە.

# گەورەترین گرفتی کۆمەڵایەتی

**مەلا دڵشاد شمس الدین باڵەکی**

زۆرن ئەو شتانەی لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا هەن بەداخەوە لەگەڵ دروست کردنی چەندین کێشەو گرفتی ئاینیو کۆمەڵایەتیو ئابووری بەڵام وەك پێویست خەڵکی زانیاریان لەبارەوە نییە، وەلێی بێئاگان یەکێك لەم گرفتە بەرچاوانە کە بەدی دەکرێت بابەتی (التبنّی)یە تەبەنی واتە سەرپەرشتی کردنی منداڵێك لەتەمەنی منداڵیەوە بەشێوەیەك کە بیکاتە منداڵی خۆیو هەموو خەرجییو ژیانی پێداویستییەکانی لەلایەن ئەو کەسەوە وەك منداڵەکانی بۆ جێبەجێ بکرێت.

مێژووی ئەم دابونەریتە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، بەشێوەیەك کە عەرەبەکان منداڵی یەکتریان ئەکرد بە منداڵی خۆیانو ئەیان گووت بەمنداڵەکە تۆ کوری منی میرات لە من ئەگریتو منیش میرات لەتۆ دەگرم. بەم قسانە منداڵەکە ئەبوو بە کوڕیو تەواوی ئەم یاسایانەی بەسەردا جێبەجێ ئەکران، کە بۆ کوری ڕاستەقینەی خۆی هەیەتی وەك میرات گرتنو نیکاحو تەلاقو حەلاڵیو حەرامی ئافرەتەکان لێی هتد.

ئەمە بەکورتی بابەتی تەبەنی پێش ئیسلام، بەڵام ئەگەر بێینە سەر دوای ئەم سەردەمە ئەبینین پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت پێش هاتنی نیگا (الوحی) یەکێك لەمنداڵەکان بەناوی (زەیدی کوری حارسە) دەکاتە کوڕی خۆی ئەمەش نەك بلێی پێغەمبەری خودا کاریگەری سەردەمی جاهیلی لەسەر بووە بەڵکو لەبەر چەندین هۆکارو چەندین حیکمەت کە باسی ئەکەین پێغەمبەری خودا وای کردووە. کە ڕوداوەکەش بەم شێوەیەیە هۆزە عەرەبەکان هێرش دەکەنە سەر ماڵە خاڵەکانی ( زەید) کە ئەویش لەوێیەوە تەواوی موڵکوو سەروەتەکەیانو جاریەکانیان ئەبەن، وەك نەریتێکی سەردەمی نەفامی زەیدیش یەکێك دەبێت لەو کەسانەی کە ئەم هۆزە ئەیبەن لەگەڵ خۆیانداو لەشاری مەککە ئەی فرۆشن، کڕیارەکەی زەید (خاتوو خەدیجەی کچی خوەیلید) دەبێت، کاتێك کە دەبێتە هاوسەری پێغەمبەری خودا(د.خ) حەزرەت زۆر بە زەکاوەتو لێهاتوویی زەید سەرسام دەبێت، خاتوو خەدیجەش زەید پێشکەشی پێغەمبەر(د.خ) دەکاتو لای ئەو دەمێنێتەوەو کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکات لەو لاشەوە باوکی زەید (حاریسەی کوری شورەحبیل) دوای ون بونی کوڕەکەی بەشەوو بەڕۆژ بۆی ئەگریاو شیعری بەسەردا هەڵدەدڵێت کە پێشەوا (قورطبی) لەقەسیدەیەکی درێژدا یەکێك لەشیعرەکانی دەهێنێت کە دەڵێت:

(بکیت علی زید ولم ادری ما فعل
أخی یرجنی ام اتی دونة الاجل
تذکر نیة الشمس عند طلوعها
وتعرض ذکراه اذ غربها أقل)

دوای ئەوە (حاریسە) هەواڵی پێگەیشت کە کوڕەکەی لای محمد(د.خ) لەشاری مەککە ئەویش چوو بۆ لایو پێیگوت ئەی محمد(د.خ) ئێوە نیشتەجێی ماڵی خوای گەورەن. وە بەندەو دیلەکان ئازاد ئەکەن، خواردنو یارمەتی گیراوەکان ئەدەن، ئێستاش کوڕی من لای تۆیە متمانەم بەسەر دابکەو چاکەم لەگەڵدا بکە بە ئازاد کردنی تۆ ئەوەی حەزبکەی لەسەروەتو سامان پێت دەدەین، پێغەمبەری خواش فەرمووی من ئەم کارە ئەدەمە دەس خۆی یا بە ئارەزووی خۆی بێت لای ئێمە ئەمێنێتەوە یان لەگەڵ ئێوەدا دێتەوە گوتیان خوا پاداشتت بداتەوەو زۆر باشە، پێغەمبەری خوا (د.خ) بانگی زەیدی کردوپێی فەرموو ئەوانە ئەناسیت؟ وتی بەڵێ ئەوە باوکمە ئەوەی تریش ماممە. ئینجا پێی فەرموو: زەید ئەوە باوکتە ئەوەش مامتە منیش ئەناسیت ئێستا بەئارەزووی خۆت بکە لای من ئەمێنیتەوە یا لەگەڵ ئەواندا ئەگەڕێیتەوە؟ زەید گوتی: بەڕاستی چاکەو پیاوەتیەکی وام لەم پیاوە بینیوە قەت ناتوانم لێی جیاببمەوە تا ئەویش هەبێت کەسی تر لەو بەباشتر نازانمو هەر لای ئەویش ئەمێنمەوە.

لەو کاتەدا باوکیو مامی پێیانگوت: هاوار بۆ تۆ ئایا بەندایەتیت پێ باشترە لەئازادی ئەویان هەڵ ئەبژێریت؟ گوتی بەڵێ لەم کاتەدا پێغەمبەری خودا(د.خ) چووە لای خەڵکەکەو فەرمووی (اشهدوا ان زیدا ابنی. أربّه ویربّنی) واتە شاهید بن کە زەید کوڕی منەو میراتی لێ ئەگرمو ئەویش میرات لەمن ئەگرێت. بەم قسانە باوکیو مامی زۆر دڵیان خۆش بوو کە کوڕەکەیان خزمەتی ئەکرێت.

لەبەر ئەوە لەسەردەمی نەفامیدا هەر بانگیان ئەکرد (زەیدی کوڕی موحەمەد) تا ئایەتی قورئان دابەزی کە خوای گەورە ئەفەرموی (ادعوهم لأبائهم هو أقسط عنداللە) ئینجا بانگ کرا زەیدی کوری حاریسە، وە هەروەها خوای گەورە ئایەتی (ماکان محمد ابا احد من رجالکم ولکن رسول اللە و خاتم النبین)ی دابەزاند الاحزاب ٤٠ واتە محمد باوکی هیچ کەس لە پیاوانتان نییە، بەڵکو پێغەمبەری خوایەو دواهەمینی پێغەمبەرانە. هەمیشە بەردەوامیش خوا بە هەموو شتێك زانایە.

ئا بەم شێوەیە حوکمی تەبەنی هەڵوەشایەوە بەڵام شتێکی تر هەیە کە لەقورئانی پیرۆزدا باس کراوە ئەویش بانگ کردنی منداڵە یا هەر کەسێك بەناوی برام یا باوکم یا خوشکم بۆ ئەمانە مادامە ئەچێتە بواری خوشەویستیو سۆزو بەزەییەوە هیچ گوناحێکی تێدا نییە، وەك خوای گەورە ئەفەرمووی (ولیس علیکم جناح فیما أخطئتم بە ولکن ما تعمدت قلوبکم وکان اللە غفورا رحیم) الاحزاب ١–٥ واتە خوای گەورە بەگوناە لەسەر تان نانووسێت ئەگەر بە هەڵە قسەیەکی وا بەرامبەر بەیەکتر بڵێن ئەوەی کە تاوانە بریتیە لەوەی کە لەدڵەوە کارێکی وا، واتە تەبەنی ئەنجام بدەنو نیەتێکی ناپاك هەبێت بۆ سوکایەتی پێکردنیان، ئەوە لێپرسینەوەی لەسەرە هەمیشەو بەردەوامیش خودا لێبوردەو میهرەبانە.



ئەمە بەکورتی مێژووی سەرهەڵدانی تەبەنی بوو پێش ئیسلامو تا هاتنی ئیسلامیش، ئەگەر زیاتر نزیك ببینەوە لەکۆمەڵگەی خۆمان بەزۆر هۆکار ئەبنین، بابەتی تەبەنی بوونی هەیە کە یەکێك لەهۆکارەکانی سەیر ئەکەین زۆر جار لە کۆڵانەکان لەبەردەم دەرگای مزگەوتەکان منداڵی ساوا فڕێ دەدرێتو کەسێك بۆ خۆی ئەیباتەوەو ئەیکات بە منداڵی خۆی، یان دوو هاوسەری واهەن کە منداڵیان نابێت بۆ سێبوری خۆیان منداڵێکی خزمێکی خۆیان لای خۆیان بەخێوی ئەکەن لێرەدا گرفتەکە دروست دەبێت، چونکە تەنها بەوەی کە ئەم منداڵە لای ئەم ئافرەتو پیاوەیە بە هیچ شێوەیەك نابێتە منداڵی ئەوان واتە هەموو یاسا شەرعیەکانی منداڵێکی بێگانەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت چ لەڕووی میراتو حەڵاڵیو حەرامی ئەم ئافرەتو پیاوە بۆ منداڵەکە چونکە ئەم منداڵە لەکاتێك کە گەورە بوو نابێت بە تەنها لەگەڵ کچەکانی ئەم ماڵە بێت ئەگەر کوڕ بێت وە ئەگەر کچیش بێت بەهەمان شێوە وەك کەسێکی بێگانە ناکرێت کەس بڵێ ئەم منداڵە چ کوڕ بێت یا کچ لەبەر ئەوەی من لە منداڵیەوە بەخێوم کردووە. ئەبێتە کوڕ یا کچی من لەهەمان کاتدا زۆر جار ئەم کوڕە ئەبێتە مایەی گرفتێکی کۆمەڵایەتی گەورەو تەنانەت وەك ستەمێکی گەورە لەمنداڵە ڕاستەقینەکانی ئەم دوو هاوسەرە کە ئەگەر ئەم منداڵە دۆزراوەیە کوڕ بێت میراتەکەی لەگەڵ کوڕەکانی ئەم ئافرەتەو پیاوە بەش ئەکات. وە ئەگەر منداڵە ڕاستەقینەکانیش کچ بن کەواتە دوو بەش میراتیان لێ ئەبات بێ ئەوەی کە مافی ئەوەی هەبێت.

بۆ چارسەری ئەم گرفتە گەورەیە چەند ڕێگە چاریەك هەیە یەکێك لەوانە لەکاتی منداڵیەوە پێش تەمەنی دوو ساڵی ئەم ئافرەتەی کە منداڵەکە بەخێو دەکات بۆ زیاتر لە پێنج جار شیری خۆی پێ بدات. لەم کاتەدا ئەم منداڵە ئەبێتە کوڕی شیری ئەم ئافرەتو پیاوەو ئەبێتە برا ئەگەر کوڕ بێت وەئەبێتە خوشك ئەگەر کچ بێت لەگەڵ منداڵەکانی ئافرەتو پیاوەکە .

چارەسەری دووەمی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە ئەو کەسە ئەگەر منداڵەکە کوڕە کچێکی خۆی لێ مارە بکاتو بیکاتە زاوای خۆی وە ئەگەر کچیش بێت لە کوڕێکی خۆی مارە بکات، واتە بیکاتە بوکی خۆی بەم شێوەیە گرفتەکان چارسەر دەبن. ماوەتەوە بڵێین کە تەبەننی شتێکی حەرامو قەدەغە کراوە لەئاینی پیرۆزی ئیسلام چونکە ناوبردنی منداڵێك بەناوی کەسێك جگە لە دایكو باوکی خۆی بە تاوان هەژمار دەکرێت. وەك پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەفەرمووێت: (من ادعی الی غیر ابیە او انتمی الی غیر موالیە لعنة اللە) اخرجە الشیخان.

لەم فەرمایشتەدا بە ڕوونی حوکمی ئەم حاڵەتە دیاری کراوەو قەدەغە کراوە وەهەر کەسێك ئەنجامی بدات تاوانبار ئەبێتو بەر نەفرەتی خواو فریشتەو تەواوی خەڵکی ئەکەوێت وە خوای گەورە تەوبەشی بە ئاسانی لێ وەرناگرێت.

سەرچاوەکان

١– تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان/ برهان محمدامین.

٢– روائح البیان فی تفسیر ایات الاحکام من القرأن/ محمد علي الصابوني.

# خەتەنەکردنی کوڕان لەڕووی زانستییەوە

**مەلا یوسف علی گەرەوەیی**

خەتەنە کردن یەکێکە لەسوننەتە گەورەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام, کە پێغەمبەری خوا موحەمەد(د.خ) لە چەندین فەرمایشتدا ئاماژەی بۆ کردووە, وەك ئەو فەرموودەیەی کە (بوخاریو موسلیم) لە ئەبوهورەیرەوە دەیگێڕنەوە کە موحەممەد(د.خ) فەرموویەتی: الفطرة خمسٌ: الختان, والإستحداد, وقصّ الشارب, وتقليم الأظافر, ونَتْف الإبط, یان دەفەرمویێت: من أَسْلَم فَلْيَخْتَتِن , دەبا بزانین گرنگی و بایەخی ئەو سوننەتە گەورەیە چییە لەڕووی زانستییەوە؟

تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر خەڵکی لە ئەمریکا وایان دەڕوانییە خەتەنەکردنی کوڕان کە تەنها دروشمێکی ئاینییەو تایبەتە بەموسڵمانانو جولەکەکانەوە، تەنانەت پزیشكو نوژدارانی ئەو وڵاتە دژایەتیشیان دەکرد، بەڵام ویستی خوای گەورە وابوو کە گرنگی زانستیو, دروستی ئەو نەریتە ڕەسەنە بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی دەربخات.

لەتۆژینەوەیەکدا کە لە ژمارەی مانگی (٥)ی ساڵی (١٩٩١)ی گۆڤاری پزیشکی بەناوبانگ (Postgraduate Medicine)دا بڵاوکراوەتەوە, جەخت لەوە دەکاتەوە کە ساڵانە لە ئەمریکا (١) ملیۆن کوڕ خەتەنە دەکرێن، زۆریش لەو پزیشکانەی کە پێشتر دژایەتی ئەو سوننەتە گەورەیەیان دەکرد ئێستا پشتگیری لێدەکەنو, هانی خەڵکیش دەدەن کە ئەنجامی بدەن، بۆ نمونە دکتۆر (ویرویل) کە سەرۆکی بەشی منداڵانە لەنەخۆشخانەی سەربازی لە(واشنتۆن), ئەو لەساڵی (١٩٩٠)دا نوسیویەتی: (من لەساڵی (١٩٧٥)دا یەکێك بووم لەسەرسەختریني ئەو کەسانەی کە دژایەتی خەتەنە کردنیان کردووە، بەڵام بەپێی ئەو تۆژینەوەو تاقیکردنەوانەی کە لەهەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا ئەنجامدراون, دەریانخستووە کە خەتەنەکردن پێویستییەکی جەستەییەو ئەنجامنەدانو نەکردنی دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تووشبون بەهەوکردنی بۆرییەکانی میزو سست بوونی گورچیلەکانو, لەکار کەوتنیانو زۆر نەخۆشی دیکەی درێژخایەنی کۆئەندامی دەردان لەمرۆڤدا، بۆیە من ئێستا لە بەهێزترین لایەنگرانی ئەو خەتەنە کردنەم.

دکتۆر (ویرویل) تەنها پزیشك نییە کە بانگەشەی بۆ خەتەنەکردن کردووە، بەڵکو (ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ نوژدارانی منداڵ) بە تەواوی لەڕاسپاردەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە کە لەساڵی (١٩٧٥)دا دەریکردووەو، ڕاسپاردەی نوێ لەساڵی (١٩٨٩)دا دەردەکات کە تیایدا ڕاشکاوانە داوای خەتەنەکردنی هەموو منداڵێکی تازە لەدایکبوو دەکات, خەتەنە کردن پارێزگارییەکی باش دەکات لەتووشبونی چووکی نێرە (ئەندامی نێرینە) بەشێرپەنجە، دکتۆر (ڕۆبسۆن) لەووتارێکیدا کە لەساڵی (١٩٩٢)دا بڵاوی کردۆتەوە, دەریدەخات کە (٦٠ هەزار) پیاو تووشی شێرپەنجەی چووك بوون, کە لەنێوانیاندا تەنها (١٠ کەسیان) خەتەنەکراو بوون!

دکتۆر (کۆتشین)یش دەڵێت کە ڕێژەی تووشبون بە شێرپەنجەی چووك (سفرە) لای ئەوانەی کە خەتەنە دەکرێن، دکتۆر (فینیك)یش لە کتێبەکەیدا کە سەبارەت بە خەتەنەکردنەو لەساڵی (١٩٨٨)دا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێت: زیاد لە (٦٠) تۆژینەوە هەیە کە جەخت لە زیادبوونی نەخۆشییە سێکسییەکان دەکاتەوە لای ئەو منداڵانەی کە خەتەنە ناکرێن.

نەخۆشی (ئەیدز)و خەتەنە کردنی کوڕان:

لەسایتی (BBC) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەڕۆژی (٨)ی ئازاری (٢٠٠٦)دا ئاماژە بۆ دوو تۆژینەوە دەکات کە باس لەپێویستی خەتەنە کردن دەکەن بەرامبەر بە نەخۆشی ئەیدز کە تائێستا هیچ چارەسەرێکی کاریگەری نییە, لەیەکەمیاندا پزیشکە نەرویجییەکان داوادەکەن کە کوڕان خەتەنە بکرێن, چونکە ئەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ خۆپارێزی لەنەخۆشی ئەیدز، ووتەبێژێك بەناوی کۆنگرەی سیازدەهەمی (ئەیدز)ی نێودەوڵەتی کە لەباشووری ئەفریقیا (کیشوەری ڕەش) بەسترا وتی: دەتوانرێت کە حاڵەتەکانی تووشبون بەنەخۆشی ئەیدز کەم بکرێنەوە بۆ نیوەی ئێستای ئەوەش لەڕێگای خەتەنە کردنەوە, هەروەها بەپێی تۆژینەوە نوێیەکان خەتەنەکردن ئاستی دروستی تاکەکان زیاد دەکات بەرامبەر بە بەکتریاو ڤایرۆسەکان,

دکتۆر (ڕۆبەرت بیلی) لەزانکۆر (ئیلینۆی) لە(شیکاگۆ) دەڵێت:

دەکرێت خەتەنەکردن وەك چەکێکی کوشندە بەکاربێت دژی نەخۆشی (ئەیدز)و ڤایرۆسی (HIV) کە دەبێتە هۆی ئەو نەخۆشییەو, ئەو بڕوای وایە کە ئەوەندە بەڵگە لەبەردەستدایە تا ئەو سوننەتە بکرێتە چەکێکی کوشندە دژ بەو نەخۆشی یە، ئەو دکتۆرە تۆژینەوەیەکی لەسەر گەلی (ئەللۆ) لەکینیا ئەنجامدا، ئەو گەلە ژمارەیان (٣ ملیۆن) دەبێت, کوڕانیان خەتەنە ناکرێن بۆیە ڕێژەی تووشبونیان بە (ئەیدز) زۆر زۆرە, هەروەها ژنە تۆژەرەوەی بەلجیکی (ئان بوفی) لەپەیمانگای پزیشکی ئیستیوائی لە(ئەنتۆرب)ی بەلجیکا ڕێژەی تووشبون بە (ئەیدز) پەیوەست دەکات بەڕێژەی ئەنجامدانی خەتەنە کردنەوە, بۆیە داوا دەکات کە کوڕان پێویستە خەتەنە بکرێن.

هەر بەپێی سایتی (BBC)ی هەمان ڕۆژ, تۆژینەوەیەکی هیندی دەریخستووە کە کرداری خەتەنەکردن بە بڕی (٦ جار) ئەگەری تووشبون بە (ئەیدز)

بۆ ل١١

# وەزیری ئەوقاف ستایشی ڕۆڵی لقی سلێمانی زانایان دەكات




**محمد كەلكە سماقی- بەرپرسی ڕاگەیاندن:** ڕۆژی ٢٠١١/٣/٢٣ پێش نیوەڕۆ بەڕێز حاجی كامیل وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی بەیاوەری بەڕێزان حاجی عرفان ڕاوێژكاری وەزارەت و حاجی ئاكۆ بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی سەردانی لقی سلیمانی زانایانیان كرد.

بەڕێز مامۆستا نجم الدین قادربەرپرسی لق بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و وەفدی یاوەری كردو خۆشحاڵی خۆیانی دەربڕی بەرامبەر ئەو بەسەركردنەوانەی بەڕێزیان هیوای بەردەوامی بۆ خواستن جێگای باسە سەردانەكەی بەڕێزیان بەمەبەستی زیاتر لەنزیكەوە تێگەیشتن لەكاروباری زانایان و پشتیوانی زیاتری وەزارەتی ئەوقاف بۆ زانایانی ئاینی بەتایبەتی لقی سلێمانی كە دەورێكی بەرچاوی ئیصلاحیانەیان هەبووە لەم ساتە وەختانەی چەند هەفتەی ڕابردوو وەبەڕێزیان دوپاتی كردەوە كە بەڕاستی زانایان سەلماندیان كە برایەتی و یەكریزیان لەناوچینی زانایاندا گەرم وگورتر كردەوەو خەم خۆری میللەتەكەیان بوون و هەمیشە زانایان لەدێرزەمانەوە هەر ئەوە پیشەیان بووە.

شایانی باسە كە هەندێ لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون شیاوی ئاماژە پێكردنە كە كۆمەڵێكی بەرچاوی زانایانی ناوشار ئامادە بوون بەڕێزان مامۆستا أحمدی شافعی و مامۆستا إسماعیل دێرێی و مامۆستا نجم الدین وادی ئامادەبوون.

# خولێكی دیكەی ڕۆشنبیری بۆ زانایان بەڕێوەدەچێت



لەدرێژەی كارو چالاكییەكانی یەكێتی زانایان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوی تواناسازی ئافرەتان، ڕۆژی یەكشەممە ٢٠١١/٣/٢٧ خولی دووەمی ڕۆشنبیری زانایان دەستی بە پڕۆگرامەكانی خۆی كردەوە.

ئەمەو لەڕۆژی یەكەمی خولەكەدا دوو موحازرە پێشكەش بە زانایان كرا، لەلایەن هەریەك لە بەڕێز مامۆستا عەلی كەریم لەژێر ناونیشانی (مافی مرۆڤ)، هەروەها بەڕێز دكتۆر نەوزاد ڕواندزی لەژێر ناونیشانی (ئیسلام و یاسا).

دواتر لەڕۆژی دووەمدا، هەریەك لەبەڕێز دكتۆر عومەر پەتی، لەژێر ناونیشانی (كاریگەری دەروونی و كۆمەڵایەتی وتاری هەینی) بابەتێكی پێشكەش بە ئامادەبووان كردوو، پاشان بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایان، بابەتێكی لە ژێر ناونیشانی (ئۆپۆزسیۆن لەئیسلامدا) پێشكەش كردو، بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان و، زۆرترین پرسیارو وەڵام و ڕا گۆڕینەوەی لەلایەن زانایانەوە لەسەر كرا.

شایانی باسە: وا بڕیارە ئەم زنجیرە خولانە، كە هەریەكەی ٣ ڕۆژ دەخایەنێت، بۆ ماوەیەكی زۆر بەردەوام بێت و، زۆرترین زانایانی ئایینی ناوچە جیاجیاكانی كوردستان سوودمەند بكات، بۆ ئەم مەبەستەیش لەم خولەدا ژمارەیەك لەزانایانی كەركوك و ناوچەكانی بادینان و، هەولێریش بەشداربوون.

# نوێنەری یەكێتی زانایان لە سمیناری (هێڵی گەرم) بەشداری دەكات




ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١١/٣/١٧ بەڕێز مامۆستا مەلا دڵشاد گەلاڵی ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی، بەنوێنەرایەتی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، بەشداری كرد لەسمینارێكی ڕێكخراوی تواناسازی ئافرەتان، لەژێر ناونیشانی (هێڵی گەرم)، كە ناونیشانی پرۆژەیەكە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان و، تیایدا باس لە چۆنیەتی بەڕێوەچوون و سەرخستن و كاركردن كرا، لەپێناو كەمكردنەوەو بنبڕكردنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتانی كوردستان.

ئەمەو لەلایەن خۆیەوە بەڕێز نوێنەری یەكێتی زانایان وتەیەكی پێشكەشكردو، هەماهەنگی و پشتیوانی تەواوی یەكێتی زانایانی بۆ هەر هەوڵێكی لەم جۆرەی دوپاتكردەوەو، بە ئایەت و فەرموودەی پیرۆز جەختی لەسەر وەلانانی هەموو جۆرە توندی و گرژییەك كردەوە، بەتایبەت بەرامبەر ئافرەتان و پێشێلكردنی مافەكانیان.

# لقی سلێمانی زانایان بەشداری سیمینارێك دەكەن



**محمد كەلكە سماقی- ڕاگەیاندنی لقی سلێمانی/** بەمەبەستی گرنگیدان بە لایەنی كۆمەڵایەتی هاوسەرگیری لەكۆمەڵگادا بەتایبەتی كۆمەڵگای كوردەواری, كۆمەڵەی خەڵك (پی دی ئەی) و ڕێكخراوی سەیوان بەهاوكاری فریاگوزاری گەلی نەرویجی (ئێن پی ئای) هەڵسا بەسازدانی گفتوگۆیەكی كراوە لەگەڵ پیاوانی ئاینی بەناونیشانی (ڕۆڵی ئاین لە بەرەنگاربونەوەی هاوسەر گیری بەزۆر) كە تیایدا جگە لەزانایانی ئاینی شارەكانی تر، هەریەك لەبەڕێزان د. محەمەد عەبدوڵڵا پێنجوێنی ئەندامی لیژنەی فتوای لقی سلێمانی و محەمەد كەلكەسماقی لێپرساوی ڕاگەیاندنی لق و ژمارەیەكی تر لەزانایانی ئاینی سنوری لقی سلێمانی بەهاوكاری ئەوقافی سلێمانی بەشداریان كرد.

لەسەرەتای سیمینارەكەدا كە بەخوێندنی چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێكرد، وتەی هەریەك لەڕێكخراوی ناوبراوو جێگری وەزیری دادی سویدی پێشكەشكران و ئینجا بەنوێنەرایەتی زانایانی ئاینی هەموولا بەڕێز د. محەمەد عەبدوڵڵا وتەیەكی پێشكەشكرد.

لە سیمینارەكەدا كە لە هۆتێل چوارچرای شاری هەولێر بەڕێوەچوو وە ٣ كاتژمێری خایاند باسوخواس لەسەر ڕەهەندەكانی ئەو بابەتە كراو زانایانی ئاینی بیرو بۆچوونی خۆیان لەڕوانگەی ئیسلامەوە بەڕوونی خستەڕوو.

# وەزیری ئەوقاف لەگەڵ زانایانی سنووری شەقڵاوە كۆدەبێتەوە



**ڕاگەیاندنی لق:** ڕێزدار حاجی كامل حاجی عەلی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی لەسەردانێكدا بۆ قەزای شەقڵاوە، بەئامادەیی شاندی یاوەری و بەرپرس و كارگێڕانی لقی شەقەڵاوەی یەكێتی زانایان، كۆبونەوەیەكی فراوانی لەگەڵ سەرجەم مامۆستایانی دەڤەرەكە سازدا.

ئەمەو كۆبوونەوەكە لەهۆلی ئەحمەد ڕۆژبەیانی بەڕێوەچوو، تیایدا بەڕێز جەنابی وەزیری ئەوقاف باسی لەپێشهات و ڕووداوەكانی ئەم دواییەی كوردستان كردو، ڕۆڵی مامۆستا یانی ئایینی بەرز نرخاند لە هێوركردنەوەی دۆخەكەو، پاراستنی گیانی برایەتی و پێكەوەژیان و سەقامگیری ئاسایشی هەرێم.

دواتر بەڕێز مامۆستا مەلا تەحسین بەرپرسی لقی شەقڵاوەی یەكێتی زانایان، وتەیەكی پێشكەشكردو، وێڕای بەخێرهێنانی بەڕێز وەزیری ئەوقاف، بەنوێنەرایەتی مامۆستایانی ئامادەبوو، بەناوی لق چەند پێشنیازو داواكارییەكی خستە بەردەم جەنابی وەزیرو، هیوای خواست بەشێوەیەكی جددی مامەڵەیان لەگەڵ بكرێ و جێبەجێ بكرێن، كە بریتی بوون لەم داواكارییانەی خوارەوە:

١- دامەزراندنی ئەو مامۆستایانەی كە تاوەكو ئێستا دانەمەزراون.

٢- پێدانی زەوی بەم مامۆستایانەی تائێستا سوودمەند نەبوون.

٣- دابینكردنی بڕێك نەسریە بۆ پێداویستییە سەرەتاییەكان.

٤- ماوە ماوە كردنەوەی خولی بەهێزكردن بۆ مامۆستایان لە هەموو بوارە زانستییەكان بكرێتەوە.

٥- هەوڵ بدرێ لە وەزارەت پرۆژەیەك دابمەزرێ بۆ دابینكردی كتاب و سەرچاوە زانستییەكان و كۆمپیوتەر ئەگەر بەقستی مانگانەیش بێت.

٦- كردنەوەی پەیمانگایێك لەشەقڵاوە كە هۆكارێكە بۆ پێشقەچوونی زانستە شەرعی و ئەكادیمیەكان.

# لقی هەولێری یەكێتی زانایان پێشوازیان لە وەزیر ی ئەوقاف دەكات



**معروف مەلا عولا روستایی- ڕاگەیاندنی لق هەولێر:** سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠١١/٣/١٠ شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، بەئامادەبوونی كارگێڕان و ئەندامان و بەرپرسی ناوچەكانی سنوری لقی هەولێر پێشوازی لەبەڕێز وەزیری ئەوقاف و شاندی یاوەریان كرد، سەرەتا بەرپرسی لق پاش بەخێر هێنانی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و شاندی یاوەری تیشكی خستە سەر ڕۆڵی ماموستایانی ئاینی لەم ئان و ساتەدا، جەختی كردەوە لەسەر هەماهەنگی نێوان وەزارەتی ئەوقاف و یەكێتی زانایان، هەروها تەئكیدیشی لەوە كردەوە كە یەكێتی زانایان هەمیشە لەگەڵ خواست و داخوازیەكانی خەڵك دەژێت و، پشتوانی لە حكومەتی هەرێم و، سەرجەم دام و دزگا شەرعییەكانی ئەم هەرێمە دەكات. هەروەها سوپاسی ڕۆڵی بەڕێز وەزیری ئەوقافی كرد بۆ ئەو دڵسۆزی و، لەخۆبوردەیەی نیشانی دەدات لەئاست خزمەت كردنی زانایانی ئاینی و، شوێنە ئاینییەكان.

پاشان بەڕێز وەزیری ئەوقاف لەلای خۆیەوە سوپاسی گەرمی پێشوازی لێكردنی لقی هەولێر یەكێتی زانایانی كرد، لەوتەیەكیدا باسی ڕۆڵی ماموستایانی ئاینی كرد و جەختی كردەوە لەسەر پشگیریكردنی ماموستایانی ئاینی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە، بەڵێنی دا بۆ بەهەند وەرگرتنی هەر داخوازی و پێشنیارێكی ماموستایانی ئاینی بۆ زیاتر خۆش گوزەرانی زانایانی ئاینی لە هەرێمی كوردستان .

# لقی پشدەر پێشوازی لە سەرۆكی یەكێتی زانایان دەكات




**ڕاگەیاندنی لق/** ڕۆژی ٣/١٣ ستافی لقەكەمان و لیژنەی فتواو ناوچەكانی قەڵادزێ و سەنگەسەرو هیرۆو هەڵشۆی زانایان و ژمارەیەكی زۆری مامۆستایانی دەڤەرەكەمان پێشوازیمان كرد لەسەركردایەتی زانایان كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان (مامۆستا مەلا عبداللە مەلا سعید سەرۆكی زانایانی كوردستان و مامۆستا مەلا جلال خەیلانی جێگری سەرۆكی زانایان و مامۆستا مەلا خالید مەلەكی ل.لقی سۆران) و بەهاوڕێیەتی ل.لقی ڕانیەی زانایان و كارگێڕانی لق، پاش بەخێر هێنانیان كۆبوونەوەیەكی بەرفراوانمان ئەنجامدا كە نزیكەی سەعات و نیوێكی خایاندو تێیدا گفتوگۆیەكی كراوەو گشتی كرا لەسەر بارودۆخ و ڕۆڵی زانایان و پێشنیارو داواكاریەكانیان پاشان هەردووك بەڕێزان سەرۆكی زانایان و جێگرەكەی ووتەی جوان و بەسودیان پێشكەش كرد كە هەندێكی لەسەر بارودۆخ و كاریگەری و ئەركی زانایان و هەندێكی تریشیان وەڵامی ئامادەبووان بوو. وەهەمو لایەك تەئكیدمان لەسەر ئەوە كردەوە كە داواكاری جەماوەر حەق و مافی خۆیەتی و بەشێوەیەكی ئاشتی و شارستانیانە داوای بكات و پێویستە لەسەر حكومەتیش بەجیدی كاربكات بۆ جێبەجێ كردنی داواكاریە ڕەواكانی جەماوەر. پاشان بەخۆشحاڵیەوە كۆتایی پێهاتوو بەڕێزەوە بەڕێ كران.

# نەورۆز لە مێژووی ئیسلامی و لە دیدی زانایانی ئاینی ناوداری كوردستانەوە



لەتوێژینەوەیەكیدا نووسەرو توێژەر مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق باسی یادەكانی نەورۆز دەكات.

لەتوێژینەوەكەیدا نووسەر پێی وایە بەدرێژایی مێژووی خەلافەتەكانی ئیسلامی یادی نەورۆز لەجیهانی ئیسلامی كراوەتەوەو، كەس ڕێگیری لێ نەكردووە، هەر یەك لە ئیمامی عەلی و خەلفیەكانی عەباسی و ئومەوی و دیاری نەورۆزیان قبوڵ كردووە.

سەبارەت بەو بەڵگانەی كە بۆ ڕێگیری لەو یادە دەخرێنەڕوو، پێی وایە لابەلایینە نەك زاتی، چونكە كاتێك پێغەمبەر تەنها جەژنی ئایینی بە جەژن ناو دەبات، مەبەستی جەژنی ئایینییە، ئێمەش هەموومان ئەو ڕایەمان هەیە، ئەگینا ئەگەر لەخودی خۆیدا حەرام بووایە چۆن لەسەردەمی خەلفیەكان و ئیمامەكان بەبێ دەنگی تێدەپەڕی.

هەروەها توێژەر تەواوی ئەو بەڵگانە دێنێتەوە، كە لەسەر نەورۆز هاتوونەو بەوردی شیان دەكاتەوە.

بۆیە خوێنەری خۆشەویست دەتوانێت لەسایتی زانایان بەشی كتێبخانە تەواوی ئەو توێژینەوەیە بخوێنێتەوە، لەگەڵ سەرجەم بەڵگەكان.

# بەسەرپەرشتی لقی هەولێری یەكێتی زانایان بەخشینی بڕوانامەی زانستی بەڕێوەچوو




سەر لەئێوارەی ٢٠١١/٣/٢٤ لەژێر چاودێری وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی ڕێزدار (حاجی كامل)، بەسەرپەرشتی لقی هەولێری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان، بەئامادەبونی ژمارەیەكی بەرچاو لە زانایانی ئاینی و، بەرپرسانی حزبی و حكومی و جەماوەرێكی زۆر، ئاهەنگی بەخشینی بڕوانامەی زانستی (الإجازة العلمية)، بەخشرا بەو بەڕێزان (١- كاك مەلا برهم ابوبكر أحمد تەكیەیی، ٢- كاك مەلا تحسین عبداللە حسین گەلیاوەیی، ٣- كاك مەلا ئازاد محمد حسین دۆنگزاوەیی، ٤- كاك مەلا محمد عثمان عبدالرحیم گراوی)، سەرەتا ئاهەنگەكە بەچەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز دەستی پێكرد، دواتر وتەی بەخێرهاتن لەلایەن مامۆستای بڕوانامەدەر ماموستا مەلا عبداللە مەلا رسول پێشكەش كرا، پاشان بەڕێز وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئاینی (حاجی كامل) وتارێكی پێشكەش كردو، تیایدا پاڵپشتی حكومەتی هەرێمی كوردستانی بۆ زانایانی ئاینی دووپات كردەوە، دواتر وتاری یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان لەلایەن بەڕێز (شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی) بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان پێشكەش كرا، تیایدا وێڕای پیرۆزبایی كردنیان لەو بەڕێزانە، هیوای خواست مامۆستایانی بڕوانامە وەرگر ببنە خەمخۆرو، دڵسۆزی ئاینی ئیسلامی پیرۆزی و دڵسۆزی خاك و نیشتمان، پاشان وتارێك لەلایەن بەڕێز (مەلا بشیر خلیل حداد) خوێندرایەوە، دواتر ئاهەنگەكە كۆتای هات بەخوێندنەوەی و بەخشینی بڕوانامەی زانستی (الإجازة العلمية) لەلایەن مامۆستای بڕوانامەدەر.

# لقی هەولێری یەكێتی زانایان بەشداری لەڕێوڕەسمی كردنەوەی مزگەوتێكدا دەكەن

**ڕاگەیاندنی لق/** سەر لەئێوارەی ٢٠١١/٣/٣ بەڕێز شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان، بەیاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا ئەمجەد كەریم بەرپرسی ناوچەی چواری یەكێتی زانایان، بەشداری كرد لەمەڕاسیمی كردنەوەی مزگەوتی (سەید حەیدەر بەرزنجی) كرد، كە دەكەوێتە گەڕەكی مامزاوا لەشاری هەولێر.

شایەنی باسە لەمەراسیمەكە وێڕای ئامادەبوونی جەماوەرێكی بەرچاوی گەڕەكەكە، بەڕێز پارێزگاری هەولێرو، بەڕێزان شێخانی تەریقەت و، زۆرێك لەمامۆستایانی ئاینی و، بەرپرسانی دام و دەزگا حكومی و حیزبی و، ڕیش سپی و پیاو ماقوڵانی ناوشاری هەولێر ئامادەبوون و، هەر لەمیانەی ئاهەنگەكەدا بەرپرسی لقی هەولێری یەكێتی زانایان وتارێكی پێشكەش بە ئامادەبووان كرد.

# لقی ڕانیەی یەكێتی زانایان بەجیا پێشوازی لە شاندێكی ئەوقافی ڕاپەڕین و هەندێك لە وتاربێژانی ناوچەكە دەكات

**ڕاگەیاندنی لق:** لقی ڕانیەی یەكێتی زانایان پێشوازی كرد لەشاندێكی باڵای بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ڕاپەڕین، كە پێكهاتبو لەبەڕێز بەڕێوەبەری ئەوقاف و شاندێكی یاوەری.

شایەنی باسە لەدانیشتنێكدا وێڕای تاوتوێ كردنی بارودۆخی كورستان و ناوچەكە، جەخت لەسەر هەماهەنگی نێوان ئەوقاف و یەكێتی زانایان كرایەوە.

ئەمەو هەر لەسەردانەكەدا بەڕێز بەڕێوەبەری ئەوقاف ئامێرێكی كۆپی كردنی بەدیاری پێشكەش بە لقەكەمان كردو، بەم بۆنەیەوە بەڕێز بەرپرسی لقی ڕانیە دەستخۆشی لێكردو، هیوای سەركەوتنی بۆیان خواست.

هەر هەمان ڕۆژ لقەكەمان پێشوازی كرد لە ژمارەیەك مامۆستاو وتاربێژانی ناوچەكە.

جێی باسە لەدانیشتنێكدا وێڕای بەخێرهێنان و بەرزنرخاندنی ڕۆڵی زانایانی دەڤەرەكە، بەڕێز بەرپرسی لقمان پشتیوانی تەواوی یەكێتی زانایانی بۆ زانایان دوپاتكردەوەو، جەختی لەبەر گرنگی یەكریزی و یەكدەنگی زانایان كردەوە.

لەلایەن خۆشیانەوە بەڕێزان زانایان و وتاربێژان ڕۆڵی یەكێتی زانایانیان بەرز نرخاندو، ئەرك و هەڵوێستی یەكێتی زانایانیان لەمەڕ پێشهات و ڕووداوەكانی ئەم دواییە بەگەورە پێناسە كرد.

# لقی سۆران پێشوازی لەڕێكخراوی (ستارت بۆپەرە پێدانی كۆمەڵایەتی ) دەكات



**مەلا ڕەسول سیتكانی- ڕاگەیاندنی لق/** سەر لەبەیانی ٢٠١١/٣/٢٩ بەئامادەبوونی بەڕێز سەرۆكی لقی سۆرانی یەكێتی زانایان بەڕێز مەلا خالد مەلەكی و چەند ئەندامێكی لق، لقەكەمان پێشوازی كرد لە بەڕێز سەفین عەلی بەرپرسی (ڕێكخراوی ستارت بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی).

لەدانیشتنێكدا وێڕای سوپاسگوزاری شاندی میوان بۆ پێشوازیكردنیان لەلایەن ستافی لقەوە، مەبەستی سەردانەكەی ڕوونكردەوەو، ڕایگەیاند: كە ئەوان وەك ڕێكخراوێكی بواری چالاكی كۆمەڵایەتی هەڵستاون بەئەنجامدانی هەڵمەتێكی چاكسازی كۆمەڵایەتی لەبواری ئافرەتانەوە، بۆ ئەو مەبەستە پرۆژەیەكمان ئامادەكردووە، كە چەندین كۆڕو سیمینار بە بەشداری پسپۆڕی تەندروستی سازدەكەین بۆ قسەكردن لەسەر شێرپەنجەی مەمك، كە ئەمڕۆ بووەتە نەخۆشییەكی ترسناك بۆ ئافرەتان و، هەروەها قسەكردن لەسەر خەتەنە كردنی ئافرەت، بۆیە بەچاكمان زانی لەو دوو بوارەدا مامۆستایانی ئاینیش بەشداری پێ بكەین، هەر ئەمەش بووە هۆكاری سەردانمان بۆلقەكەتان كەئێوەش هاوكارمان بن لەو سنوورانەی لەژێر دەسەڵاتی ئێوەیە.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز بەرپرسی لقمان پاش دەربڕینی خۆشحاڵی بۆ ئەو سەردانەی ڕێكخراوەكە، هەموو هاوكاری و پشتگیریەكی بۆ شاندەكە لەتەواوی سنوری لقەكەمان ڕاگەیاندو، هیوای سەركەوتنی بۆ خواستن.

ئەمەو دانیشتنەكە بەدووبارەی سوپاسگوزاری شاندی میوان بۆ هاوكاری كردنیان لەلایەن لقەكەمانەوە كۆتایی پێهات.

# لێژنە ناوچەی سید صادقی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان لە مەراسیمێكی شایستەدا هەڵسا بەخەڵات كردنی ٧٠ مامۆستای ئاینی دەڤەرەكەیان

بەبۆنەی ساڵیادی لەدایك بوونی پێغەمبەری ئیسلام محمد(د.خ) و بەهاوكاری قایمقامیەتی قەزای سیدصادق و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزوورو مەڵبەندی شارەزووری یەكگرتووی ئیسلامی و ناوچەی سید صادقی كۆمەڵی ئیسلامی و چەند خێرخوازێكی تر، لێژنە ناوچەی سید صادقی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان لەمەراسیمێكی شایستەدا هەڵسا بەخەڵات كردنی ٧٠ مامۆستای ئاینی دەڤەرەكەیان.

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٣ و بەئامادەبوونی نوێنەرانی مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان و ژمارەیەكی زۆر لەزانایانی ئاینی دەڤەرەكەو نوێنەری دام و دەزگا ئیداری و حزبیەكانی دەڤەرەكە مەراسیمێكی شایستە بەڕێوەچوو، كە دوایی خوێندنەوەی جەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز، وتاری مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایان و بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی شارەزورو لقی شارەزوری یەكێتی زانایان پێشكەش كرا، كە لەسەرجەم وتارەكان ڕۆڵی زانایانی ئاینی دەڤەرەكە لەخزمەتكردن بە ئیسلام و موسڵمانان بەرز نرخێنراو، هەرووها دەست خۆشی لەناوچەی سید صادقی یەكێتی زانایانیش كرا بۆ سەرپەرشتی كردن و ئەنجامدانی ئەم مەراسیمەو سوپاسی لایەنە پەیوەندارەكانیشیان كرد بۆ هاوكاری كردنیان.

دواتر لەلایەن ئامادەبووانەوە خەڵات بەسەر زانایانی دەڤەرەكە دابەشكراو، بەچەند تەواشیحی ئاینیش كۆتایی بەمەراسیمەكە هات.

